کوردستانی نوێ
ساڵی چواردەهەم-ژمارە (3653) یەکشەممە 2005/4/24
No: 3653 Sunday 24/4/2005

### لەساڵیادی بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێدا

# بەعس و پرۆژەی سڕینەوەی نەتەوەیەك

ئومێد قەرەداغی

پرۆژەی بەعس لەیەکەم سەرهەڵدانییەوە پرۆژەی عروبە بووە لەسەر بناغەی عرق، پێناسەکردنی عەرەب بوون و کولتووری عەرەبی بووە لەسەر رەگەزی عەرەب. ئیدی لەسەر بناغەی ئەم رەگەزەوە بەعس تەماشای دونیا دەکات، بەعس پرۆژەی خۆی بۆ ژیانی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا دادەڕێژێت. هەموو رەگەزە ناعەرەبەکانی ناو دەوڵەتە عەرەبییەکان نەك هەر رەگەزێکی نزمن، جۆرێکی بەدن لەمرۆڤ، بەڵکو خەتەرێکی راستەقینەن لەسەر رەگەزی عەرەب. هەمیشە رەگەزی عەرەب دەخەنە بەر مەترسی و ئەگەری ئەوەیان تێدایە پتر لەهەر هێزێکی دیکە مەزنیی عەرەب و ئایدیای عرووبە بخەنە بەردەم هەڕەشە. لەکودەتا شوومەکەی (1968)دا بەعس بەتەواوی جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتەدەست، کەوتە تەبەنیکردنی یۆتۆپیاکەی خۆی بۆ واقع. ئەو یۆتۆپیایەی کەبناغەی لەسەر پاکتاوی جەسەدی و رەگەزیی بونیادنراوە، چونکە لەئەزموونی گشتیی گەلاندا ئەو راستییە دەرکەوتووە کەهەمیشە هەر هێزێکی ناسیونالیستیی بناغەی خۆی لەسەر عرق دامەزراندبێت، ئەوا لەئەنجامدا سەری لەفاشیزمەوە دەرچووە، بەم شێوەیە بەعس نەك لەساتەوەختی دەسەڵاتدارییەوە، بەڵکو لەسەرەتای سەرەتاکانییەوە هێزێکی فاشی بووەو پڕبووە لەڕەگەز خوازیی، ئەمەش بەپێچەوانەی هەوڵی هەندێك لەو نووسەرانەیە کەدەیانەوێت وای نیشانبدەن بەعس لەسەرەتای حوکم و دەسەڵاتدارییدا هێزێکی مرۆڤدۆست و چاکسازیخواز بووە.

بەسەرنجدانێکی خێرامان لەڕووداوو گۆڕانکارییەکانی دوای هاتنە سەرکاری بەعس بەئاشکرایی پراکتیکیی ئەجێندا فاشییەکەی بەعس لەژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی عیراقدا، دەبینین، یەکێك لەڕووداوە گرنگانەی کەسەرنجمان رادەکێشێت و لەدەورانێکی نزیك لەدەسەڵاتداریی بەعس روویداوە، بریتییە لەڕووداوی بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ، کە لەڕاستیدا ئەو بۆردومانە کوێرانەیەی بەعس بۆ شارێك کەناوەندێکی زانستیی گرنگی وەك زانکۆو، خەڵك گەلێکی بێگوناهی وەك خوێندکارانی زانکۆلێ بوو، ناوەندێکی گرنگی شۆڕشی نەتەوەیەك بوو، ئەوە دەردەخات کە لەو پرۆسەیەدا سەرەتاکانی پراکتیکیی پرۆژەی راستەقینەی بەعس دەستپێکرد کەپرۆژەی سڕینەوەی نەتەوەیەك بوو. پرۆژەی نەفیکردنی نەتەوەیەکی چەند ملیۆن کەسیی بوو، چونکە لەئایدیای بەعسدا هەر نەتەوەیەکی غەیرە عەرەب بوونی هەبێت راستەوخۆ مەترسییە بۆ سەر عەرەب و یەکێتیی عەرەبی.

رووداوی بۆردومانکردنی قەڵادزێ بەتەنها وەك رووداوێکی ئاسایی نییە لەیادەوەریی نەتەوەییماندا، بەڵکو پتر رووداوێکە بەردەوام چیرۆکی هێزێکی فاشی و گەلێکی ستەمدیدەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کەئەم هێزە لەسەرەتاکانی دەسەڵاتیداو لەهەرەتی ئیدیعاکانی لەمەڕ مافی کوردو چاکسازی و برایەتیدا ئەو کارەساتە خوێناوییەی ئەنجامداو چەندەها هاووڵاتیی بێگوناهی کورد بوونە قوربانی. بۆیە ئەمڕۆ یادکردنەوەی کارەساتی قەڵادزێ لەڕاستیدا پێویستە یادێك بێت بۆ بنەبڕکردنی هەر ئایدیایەکی فاشی و توتالیتار. هەر ئایدیایەك بوون و مافی نەتەوەی جیاوازو بیرکردنەوەو بەرژەوەندیی جیاواز بەهەڕەشە دەزانێت.

بەم شێوەیە دەتوانین لەکارەساتی قەڵادزێدا دیدی راستەقینەی بەعس ببینین کەپرۆژەی سڕینەوەی نەتەوەیەکە ئەگەر لەکارەساتەکانی دواتردا بوونی شەڕی ئێران و چالاکی بەردەوامی پێشمەرگە وەك بیانویەك لەلایەن بەعسەوە هینرابێتەوە بۆ کارەسەرکوتکارییەکانی ئەوا بۆردومانکردنی قەڵادزێ لەڕاستیدا هیچ بیانوویەك هەڵناگرێت ،بەعسنەلەدۆخی شەڕدا بوە ،نەتوانیویەتی بڵێت موئامەرەم لەسەرە ٬بەڵکو ئەو رودادەوە بەپوختی بەرجەستەکەری ئایدیای شمولی بەعسە ،کەویستوێتی نەیدتوەیەك بسڕێتەوە

لەراستیدا دەتوانین چەندین مەدولی گرنگ لە کارەساتی بۆردومانکردنی قەڵادزی دەربهێنین ،کەئەومەدلولانە هاوکاریمان دەکەن بۆتیجگکەیشتن لەخەون و پڕۆژەی بەعس

یەکەم/مەدلەلی ئەوەی کەبەعس هێزێکە هەرگیز باوەری بە گفتوگۆ وپێکەوەژیان نەبوە لەگەڵ هێزو گروپ ونەتەوە جیاوازەکانی عیراقدا ،بەڵکو بەردەوام گفتەگۆی وەك مانۆڕێك بەکارهێناوە ،ئەگینا بەعس پێشتر بەدریچژایی چوار ساڵی رابردوولەگەڵسەرکردایەتی کورد لەگفتوگۆدابوون وباوەری خۆیان بۆ وپێکەوەژیان لەگەڵ کوردنیشانداوە بەڵام لەپرێکدا ئەم باوەر بەپێکەوەژیانەدەگۆردرێت بۆ قەتلەعامی کوێرانەوبۆمبارانکردن

دووەم/خەونی سڕینەوەی کوردخەونێکە لەگەڵ لەدایکبونی بەعسدا دێتە ئارا ،ئەمە لەکاتی کودەتا شومەکەی 17 ی تەموزی 1968وەپڕۆژەی بەواقیکردن وتەبەنیکردنی بۆدانراوە ،روداوی قەڵادزیش سەرەتایەکی دیاری ئەم پڕۆژەیەیە کە خۆی لەسڕینەوەی کوردا دەبینێتەوە

سێیەم/بەعس لەبچوکترین ئاستیشدا نەیتوانیوە قەبوڵی ئەوەبکات بەشارێکی کوردی ولەژێر چاودێری شۆرشی گەلی کوردستاندا ،ناموەندێکی گرنگی وەك زانکۆ بوونی هەبێت ودرێژە بەژیانی خۆی بدات.


دیمەنێك لە شاری قەڵادزێ

# کارەساتی قەڵادزێ و عیراقی نوێ

ئاکۆ حەمە کەریم

کورد وەك نەتەوەیەکی ستەمدیدەو زوڵم لێکراو بەدرێژایی مێژوو دووچاری چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئاینی و ئەتنیکی بووە، بەردەوام لەلایەن فەرمانڕەوا زۆردارو ستەمکارەکانی ناوچەکەوە تاوانی نامرۆڤانەیان دەرهەق بەگەلی کورد کردووە، لەم پێناوەشدا پەنا براوەتە بەر بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەك و هۆکارێك.

بەبێ گوێدانە هیچ بەهایەکی مرۆڤانەو ئاینی، بەڵکو کورد هەردەم قوربانی خەونی گڵاوی پادشاو فەرمانڕەوا دیکتاتۆر و ستەمکارەکان بووە، خاکی کوردستان بۆتە مەیدانێك بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەو ناکۆکیەکانیان، کەهەزارەها کورد بۆتە قوربانی، هەزارەها گوندو ئاوایی کاول و سوێنراوە بەجۆرێك جینۆسایدو کوشتنی بەکۆمەڵ و کیمیاباران وسوتانی گوندو خاکی کوردستان بۆتە ناسنامەی نەتەوەیی ئەم گەلە زەڵملێکراوە، کارەساتی بۆمبارانکردنی قەڵادزێ لە1974/4/24 یەکێکە لەو پەڵە رەش و ناشرینانەی بەناوچەوانی فاشی و دیکتاتۆرێتەوە، کەتێیدا جگە لەبۆردومانکردنی شارەکە وێرانکردنی و کاولکردنی زانکۆ، سەدان رۆڵەی ناوچەکە بوونە قوربانی و زیانێکی زۆر بەشۆڕش کەوت و کە ئەوکات سەرکردایەتی شۆڕش لەناوچەکە بوو مەبەست لەو هێرشە دڕندانە تێکدان و لاوازکردنی شۆڕشەکەو هەستی نەتەوایەتی و ئازادیخوازی گەلی کورد بوو، وە رێگرتن لەبەردەم پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردی و رۆحی نوێخوازی، بەڵام گەلی کورد لەتێکۆشان و خەباتی خۆی بەردەوام بوو، بەجۆرێك خوێنی شەهیدانی کارەساتەکە بووە هەوێنی سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ و سەرەتایەك بۆ رزگاربوونی گەلەکەمان. ئێستاش پاش تێپەڕبوونی 31 ساڵ بەسەر ئەم کارەساتە خوێناوییەدا بەرهەمی خوێنی قوربانیدانی تێکۆشانی گەلەکەمان دەبینین.

پاش رزگارکردنی عیراق لەدەست دیکتاتۆریەت و زوڵم و زۆرو ئازادکردنی ناوچە داگیرکراوەکان وەدروستکردنی دەوڵەتی عیراقی نوێ و وەبەشداریکردنی چالاکانەی کورد لەکاری سیاسی لەبەغداد بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆمار لەلایەن هەڤاڵ مام جەلال-ەوە پێویستە کارەساتی قەڵادزێ وەك شایەتحاڵێکی زیندوو یاخود وەك دیکۆمێنتێك سوودی لێوەربگیرێت بۆ دادگاییکردنی سەرانی بەعس سەدام حسێن، وەهەروەها وەك بەڵگەیەکی مێژوویی بخرێتە بەردەم دادگا بۆ تاوانبارکردنیان و سزادانیان، هەروەها پێویستە ناسنامەی تاوانباران ئەم کارەساتە دەستنیشانبکرێت وە بۆئەم مەبەستەش لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنرێت بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەکارەساتەکەو دەرەنجامەکەی وە دەرخستنی وردو درشتی رووداوەکە وەدەستنیشانکردنی تاوانباران و هۆکاری کارەساتەکە وەهەموو ئەوانەی دەستیان هەبووە تێیدا، چونکە هەرچەندە 31 ساڵ تێپەڕیوە بەسەر کارەساتەکەدا تائێستا زانیاری تەواو نییە لەسەر هۆکارو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەکارەساتەکە لەهەمانکاتدا پێویستە تاوانەکان ئیدانە بکرێت و وەك کارێکی جینۆساید لەقەڵەم بدرێت کەدژی هەموو مافەکانی مرۆڤ و رێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان پێویستە یارمەتی و هاوکارییان پێشکەش بکرێت لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە.

پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ،هەرچەندە درێغییان نەکردووە لەبەسەرکردنەوەو ئاوەدانکردنەوەو قەڵادزێ و ناوچەکان، زیاتر بایەخی و گرنگی بەناوچەکە بدرێت وەهەوڵی دەستەبەرکردنی هێنانی پرۆژەی نوێ بدەن بۆیان، هەروەها دروستکردنی ناوەندی رۆشنبیری شارستانیانە.

### هاوپەیمانیەتی ستراتیژی

# ئەمریکاو ئەوروپا لەبەردەم بەرەوپێشچوونێکی نوێدا

کاوە نادر

میتۆدی بیرکردنەوەو کارکردنی ئەوروپیەکان جودایەکی زۆری هەیە لەزۆر بواردا لەگەڵ هی ئەمریکیەکان، کەلێنی ئەو جودایانە لەفراوان بوندایە، هۆکاری ئەم جودایانەش بۆ پلەو ئاستی جودای سیاسی و ئابوری و روناکبیری یان دەگەڕێتەوە، ئەمریکیەکان ئایین بە کرۆکی ژیان دادەنێن و روناکبیریان لە نائایینی (لادین) سەرچاوە هەڵدەچنێ، روناکبیری ئۆرووپیەکان عیلمانیەتەو زۆر جار لەلایەن ئەمریکیەکان بە دژە ئایین لێکدەدرێتەوە، ئەوروپیەکان خۆیان بەهەڵگری نوێگەری دادەنێن و سیاسەتی لەباربردن و خۆ دوورگرتن لەبەکارهێنانی هێز لەپرۆسەی جێ بەجێ کردنی سیاسەت ئەنجام دەدەن، کەچی ئەمریکیەکان برەو بەبەکارهێنانی هێز دەدەن وپەیڕەوی رێنماییەکەی (رۆزفلت)ی کۆنە سەرۆکی ئەو وڵاتە دەکەن کەدەی وت ( نەرم قسە بکەو قامچی ئەستور لەدەست بگرە) دوای سەرکەوتنی ئەمریکاش لەشەڕی ئایدۆلۆژیا دژ بەکەمپی سوسیالیستی، لەپاڵ ئەم شێوازە کارکردنەدا زۆر جار پەیڕەوی (رەق قسە بکە بۆ ئەوەی پێویستت نەبێ دەست بۆ هیچ قامچیەك ببەی) ئەمریکیەکان سڵ ناکەنەوە لەبەکارهێنانی هێز لە جێبەجێ کردنی کاری سیاسیاندا لەنێو پرۆژە ستراتیژیەکانیاندا.

## میتۆدی بیرکردنەوەو کارکردنی ئەوروپیەکان لەزۆر بواردا جودایی هەیە لەگەڵ هی ئەمریکیەکان، هۆکاری ئەم جودایانەش بۆ پلەو ئاستی جودایی سیاسی و ئابوری و روناکبیریان دەگەڕێتەوە

پراکتیزە کردنی هێز بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە لە پرۆسەی رزگارکردنی ئەفغانستان و عێراق ئەمریکای لەسەر ئەو رێبازە موکڕترکرد.

ئەم جودایی و کەلینانە نەك هەرکاریگەری سلبی هەبووەو هەیە لەپەیوەندی و هاوپەیمانیەتی نێوان ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا، بەڵکو کاریگەری کردۆتە سەرخودی پەیوەندی نێوان وڵاتە ئەوروپیەکانیشەوەو نەك هەر رۆڵی شایستەی ئەوروپیەکانی لەنێو سیاسەتی نێو دەوڵەتی لەئاست پێویست دابەزاندووە، بەڵکو تەکامولی ئەوروپیەکانی خستۆتە قەیرانێك، رەنگە ئەو تەکامولەی بخاتە بەمەترسییەکی جدییەوەو چەندین ئاکامی سلبی ئابووری لێ بکەوێتەوە بەتایبەتی دوای بەکارهێنانی (یۆرو) لەسەر ئاستی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپیدا.

بۆیە دوای روخانی رژێمی نەژاد پەرستی سەدام حوسێن لەنیسانی (2003) لەپرۆسەی ئازادی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، بەشێویەکی سەرکەتووانە، ئەوروپییەکان هەست بەکەمتەرخەمی پرۆژەی خۆیان کرد لەبەرامبەر شەڕی دژ بەتیرۆرو بۆ ئەو مەبەستەش چەندین دانیشتن و یەکتربینین ئەنجامدرا، لوتکەی برۆکسل (فەرەنساو ئەڵمانیا و بەلجیکاو لوکسمبورگ)، دانیشتنی نێوان ئەڵمانیاو فەرەنسا وبەریتانیا لەبەرلین و ئەڵمانیاو ئەمریکا لەنیویورك لەهەمان مانگ و ساڵی روخانی سەدامدا، بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی جوداییەکان و پرژان و داوەرانەوەی پتری ئاسایش و بەرەڤانیکردنی ئەوروپا بەو بەهاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئەمریکا.

گەرچی وڵاتانی ئەوروپا بەو وڵاتانەی خوازیاری سەربەخۆیی سیاسی و عەسکەری ئەوروپاشن، ناخوازن و هەوڵی ئەوەش نادەن جەمسەرێك لەبەرامبەر ئەمریکا قیت بکەنەوە یاخود دژایەتی و نەیاریی ئەمریکا بەشێوە کلاسیکیەکەی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ناگەیەنێ ئەوروپیەکان برەو بەسیاسەت و میتۆدی خۆیان نەدەن لەپاڵ هەوڵدان بۆ پتەوکردنی دۆستاتیەکی ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکادا.

لەگەڵ ئەوەی هێماکان وانیشان نادەن کەگۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لەڕای هەردوولا رووی دابێ و واش چاوەڕوان ناکرێ لە ماوەیەکی کورتدا بتوانن زاڵ بن بەسەر ئەو جوداییانەی نێوانیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا لەمانگی شوباتی ئەوساڵ (دبلیو بۆش) سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەردانی چەندین وڵاتی ئەوروپای کرد بۆ کەم کردنەوەی کەلێن و جوداییەکانی نێوانیان و دارشتنەوەی بەرنامەی دژایەتی کردنی تیرۆر لەسەر ئاستی جیهانیدا، کەبونیادی لەسەر بەرێوبردنی پرۆسەی سەربازی گەورەبێ لەلایەن ئەمریکاو ئەوروپاش هێوری و بنیاکردنەوە لەئەستۆ بگری!، لەبەرامبەردا ئەوروپیەکان خوازیاری گرنگی پتردان بەهاوپەیمانیەتی ستراتیژیین لەگەڵ ئەمریکا بەمەرجێ رۆڵ و پێگەیان لەبڕیارە نێودەوڵەتیەکان جۆرێك لەبەرابەری تیابێ کەشایستە بەخۆیان بێ و ئاسایش و بەرەڤانیشیان پەرەگرتووبێ! ئەگەرچی لایەنگرانی دژی بەجیهانگرایی و بەئەمەریکا بوون کاریگەریەکی کارای هەبوو لەسەر بڕیاری سیاسی ئەوروپیەکان و ناکۆکیەکانی گەیاندە ئەو ئاستەی کەئێستا لەگەڵ ئەمریکان تیاکەوتوون بەتایبەتی لەپرۆسەی ئازادی عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا تیرۆریستان جودایی بەکەس ناکەن و شەلم کوێرم نابوێرم یان بەرامبەر بەهەموو کەس و وڵاتێك بەرێوەبرد، سەرکەوتنە رێژەییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق و فەلەستین و هەنگاوەکانی ریفۆرمخوازی لەعەرەبستانی سعودی و کوێت و هەندێ وڵاتانی دیکەی کەنداو، بڕیار بەدەستانی وڵاتە ئەوروپیەکان نارازی لەئەمریکای خستۆتە بەردەم واقیعێك، دەبێ چاو بەهەڵوێستی نەیارەی خۆیان بۆ ئەمریکا دابخشێنەوەو سەرلەنوێ بەئەرکی نوێ بەپێی پرۆژەی تازە بەشداری لەشەڕی دژە تیرۆر بکەن و کار نەگاتە ئەوەی ئەمریکیەکان بڕیار وەربگرن ئاسایشی خۆیان بەدەر لەئاسایشی ئەوروپا سەیر بکەن، هەر بۆ چاککردنەوەی ئەو خەوشانەش ئێستا هەڵوێستی ئەوروپیەکان لەبەرامبەر ئێران و سوریا جووتەو لەزۆربەی پێشهاتەکانی عێراقیشدا لەیەکتر نزیکن ئەمەش نیشانەی هەنگاوی نوێیە لەهاوپەیمانێتی ستراتیژی نێوان ئەمریکاو ئەوروپاییەکان لەم قۆناغەدا بۆ پرۆژەی داهاتووی شەڕی دژ بەتیرۆر.

sapankawa@yahoo.com